# کوشتنی دوعا و کوشتنەکانی دیکەی ناموسپەرستی

## نەزەند بەگیخانی

بەردبارانکردن و کوشتنی دوعا ( نیسانی 2007 ) لە بەعشیقە هەروەکو کوشتنی پێلا و هێشو و بەناز و فاتیمەکان. هەروەکو کوشتنی هەزاران ئافرەتی بێ ناو کە لاشەکانیان فڕێدرایە سەر گوفک و ناو زێراب و زەلکاوەکان لە کوردستان، کوشتنێکی ناموسپەرستیە. ئەوانەی کە دەیانەوێ ئەم کوشتنە جیا بکەنەوە لە کوشتنەکانی دیکەی ناموسپەرستی و بیخەنە قالبی ئایینی و ئێتنیکی و حیزبیەوە، بەرنامەی سیاسیی تایبەتی و مەترسیداریان هەیە. تاکە جیاوازی نێوان کوشتنی دوعا و کوشتنەکانی دیکە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کوشتنەکەدایە کە بە هۆی چاوی کامێراوە دەگەیەنرێتە ئێمەی بینەر و بکوژان و هاوکارانی بکوژانمان پێدەناسێنێ.

کوشتنی ناموسپەرستی خاسیەتێکی کولتوری هەیە؛ واتە دیاردەیەکە رەگی لە خوو و رەوشتی کۆمەلایەتی باو داکوتاوە. ئەم جۆرە کوشتنە بەهەر شێوەیەک ئەنجام درابێت تا ئێستا لە عەقلیەتی گشتیی کوردیدا (کە شوێنی قسەی ئێمەیە) بە تاوان دانەنراوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە شایانی لێنراوە و ستاتوی کۆمەلایەتی بکوژی پێ بەرزکراتەوە. بەلام با لە خۆمان بپرسین بکوژ لە حالەتی کوشتنی ناموسپەرستیدا کێیە؟

لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و مەیدانیەکان[1] لەمەر کوشتنی ناموسپەرستی دەیسەلمێنن کە کۆمەڵێ کەس بەشداری لە تاوانی کوشتنی ناموسپەرستی دەکەن. لە راستیدا حالەتەکانی کوشتنی ناموسپەرستی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو جۆرە کوشتنە بە پرۆسەیەکی کۆمەکیدا دەڕوات و تیایدا کۆمەڵێ ئەندامی پیاو (هەندێ جار ژنیش) کۆدەبنەوە و راوێژکاری یەکتری دەکەن و پلان دادەڕێژن و شوێن و چۆنیەتی کوشتنەکە دیاری دەکەن. کەواتە لە کوشتنەکانی ناموسپەرستیدا تەنها یەک کەس تاوانبار نیە، بەلکو گروپ تاوانبارە. تاوانباریی گروپ تەنها لە بەشداریکردن لە پلان و ئەنجامدانی کوشتنەکەدا نیە، بەڵکو لەوەشدایە کە ئەندامانی کۆمەڵگە فشار دەخەنە سەر بکوژان و هانیان دەدەن بۆ ئەنجامدانی کوشتنەکە و رووسپیکردنەوەی پیاوانی خێزان و هۆز و عەشیرەت بە خوێنی ئەو ئافرەتەی کە لە عەقلیەتی گشتیدا تاوانبارە. واتە کوشتنی ناموسپەرستی سیناریۆیە و بە کاری گشتی و بۆ تێرکردنی خواست و

---

[1] بڕوانە.
Dr Begikhani Nazand, “Honour-based violence: The case of Iraqi Kurdistan” in
Dr Lynn Welshman and Sarah Hussain, Honour: Crimes, Paragigmes and Violence against Women”, Zed Books, September 2005.

ئارەزووی گشتی ئەنجام دەدرێت. دیمەنی رەجمکردن و کوشتنی دوعا بە تەواوی ئەم راستییە دەسەلمێنن.

کوشتنی ناموسپەرستی مێژوویەکی درێژی هەیە و لە کولتوری پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو کردەیە لە رابردوو بە نهێنی و شاراوەیی لە نێوان ئەندامانی خێزان و هۆز و عەشیرەت ئەنجامدراوە و پەردەپۆشی بۆ کراوە. لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەستە بە شەرەف و ناموسەوە، نەک تەنها کوشتنەکە بێدەنگی لێکراوە، بەڵکو بوونی ئافرەتە کوژراوە «بێناموسەکەش» لە خەیاڵی گشتیدا سڕاوەتەوە، لە کاتێکدا بکوژان شایانیان لێنراوە و لە روانینی کۆمەڵگە بەرز نرخێندراون، ئەوانەی کە بەرگرییان لە ئافرەتەکە کردبێ یا ناویان بە باشە هێنابێ بە بێشەرم و بێناموس لە قەڵەم دراون.

لە حاڵەتی دوعا دا مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەیە: بە هۆی چاوی کامیراوە بەردبارانکردنی دوعا و کوشتنەکەی کە ماوەی نزیکەی نیو سعات دەخایەنێ لە سنوری گوند و عەشیرەت و کۆمیونیتی دەچێتە دەرەوە و دەکەوێتە سەر ئینتەرنێت و شاشەی تەلەڤزیۆنەوە و جەماوەرێکی زۆر لە دەرەوە و ناوەوە ی کوردستان دەیبینێ. لە هەمان کاتدا بینەر بە حەقیقەتێکی کوشندە ئاشنا دەبێت ئەویش ئامادەیی و بێدەنگیی پۆلیس و پیاوانی ئاسایشە کە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هاوکاری لە تاوانەکە دەکەن.

بینینی ئەو دیمەنانە هۆشیارییەکی گشتی لە ناو جەماوەر دروستکردووە کە نەک تەنها ئیدانەی بەردبارانکردن و کوشتنەکە دەکات و داوای دادوەری و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران دەکات، بەڵکو دوعا بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی رەهای پاکیزەیی و بێتاوانی، بۆ ئاستی نەمری. بەمەش لۆژیکی کوشتنی ناموسپەرستی کە سەدان ساڵە کاری پێدەکرێ و شایانی لێدەنرێ هەڵدەوەشێتەوە. لە راستیدا، ئەم هۆشیارییە جەماوەرییە ئەگەر بە ئاراستەیەکی عەقلانی و دوور لە هەڵچوون و توندوتیژیی و تۆڵەسەندنەوە کاری لەسەر بکرێت، دەشێ ببێتە سەرەتای ستراتیژییەتێکی کاریگەر دژی کوشتن و توندوتیژییەکانی ناموسپەرستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

هاوتا لەگەڵ ئەم کاردانەوە جەماوەرییە، دوو حاڵەتی نێگەتیف بەدی دەکرێت:

1. ئەو هیستریا شێلگیرییەی گروپ کە لە کاتی کوشتنی دوعا دا دەبینرێ، لە ناو جەماوەری بینەریشدا هەستی پێدەکرێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم خەڵکانێکی زۆر بە هەمان شێواز هەڵچوون و وروژاون تا ئاستی داواکردنی تۆڵەسەندنەوە بە خوێن. دیارە ئەم حاڵەتە ترسناکە و چارەسەری کێشەکەش ناکات.

2. ئەم مەسەلەیە کە بە تەواوی کوشتنێکی نامووسپەرستیە خراوەتە قالبی ئایینیەوە و کەسان و گروپە توندڕەوەکان بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاری دەهێن. دوعا لەبەر ئەوە نەکوژرا کە بۆتە ئیسلام یا کوڕێکی ئسلامی خۆشویستووە: لە روانگەی گشتیی گروپەکەی دوعا سنوری نۆرم و پەیڕەوی خێزان و عەشیرەتەکەی بەزاندووە و کە بە پێی عەقلیەتی کوردی کۆنەخواز بۆتە مایەی بێناموسی و ئابڕووچوونی پیاوانی خێزانەکەی. بە پێی هەمان بۆچوونی کۆمەڵایەتی ئەم پیاوانە دەبێ بە کوشتن و خوێنی دوعا رووی خۆیان سپی بکەنەوە. ئەمانە لێکدانەوەی لۆژیکین کە سەدان ساڵە رەوایەتی و برەو دەدەن بەو تاوانە. ئەوانەی دەیانەوێ مەسەلەکە بخەنە قالبی سیاسییەوە لەوە دەگەڕێن کە دووبەرەکیی ئایینی و کۆمیونیتاری و ئێتنکی لە نێوان خەڵکی کوردستان دروست بکەن و کۆمەڵگەی یەزیدی ناوبەد بکەن و بیانکەنە ئامانجی تێرۆریستە ئیسلامیەکان. ئەو کەسانەی ئەم مەبەستەیان هەیە وەکو راستڕەوە توند و رەگەزپەرستەکانی ئەورووپا رەفتار دەکەن کە لە دوای کوشتنی فاتیمە و پێلا و هێشوو لە ئەورووپا دەیانویست تەواوی میللەتی کورد بخەنە قالبێک و بە وەحشی و نامرۆڤیان لە قەڵەم بدەن و بیانکەنە نێچیری هێرشی رەگەزپەرستان.

کوشتنی دوعا جگە لە جیاوازی شێوازی ئەنجامدانی کوشتنەکە، هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ کوشتنی هێشووی شانزە ساڵ کە لە لایەن باوکیەوە لە حەمام 17 چەقووی لێدرا و نووکی چەقۆکە کە لە دادگای ئۆلد بەیلی لەندەن پیشاندرا لە بڕبڕەی پشتیدا چەمابووەوە. کوشتنی دوعا هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ بەنازی بیست ساڵە کە بە بالیف خنکێنراو لاشەکەی خرایە ناو جانتا و گواسترایەوە بۆ بێرمینگهام و لە باخچەی ماڵێکی کورد و بە هاوکاری مام و باوک و خزمان و چەند کەسێکی بەکرێگیراو شاردرایەوە. ئەم کوشتنانە و زۆری دیکەش بە هەمان شێوەی کوشتنی دوعا بە دەستی یەک کەس ئەنجام نەدرابوون، بەڵکو کۆمەڵێ کەسیان لە پشتەوە بوو کە بە شێوازێکی دیکە بەرد و چەقۆیان خستە جەستە و گیانی ئافرەتەکانەوە و ئێمەش نەمان بینین.

لە کۆتاییدا: کوشتنی دوعا و هەموو کوشتنەکانی دیکەی نامووسپەرستی لە یەک سەرچاوە رەگیان داکوتاوە ئەویش سیستەمی پیاوسالارییە. ئەو سیستەمە پیاوسالارییە ستروکتوری کۆمەڵایەتی کوردیی لەسەر بنچینەی باڵادەستی پیاو و چەوساندنەوە و داگیرکردنی جەستە و گیان و تەواوی ئازادییەکانی ژن داڕشتووە. گۆڕینی ئەم سیستەمە پێویستی بە هۆشیاریی جەماوەری و دابینکردنی پێوەری یاسایی رەوا و مۆدێرن هەیە. وەکو داکۆکیکەر لە مافەکانی ژن و هەڵمەتگێر دژی کوشتن و تاوانەکانی نامووسپەرستی لە ساڵانی نەوەدەوە، من ئەو هۆشیارییە جەماوەرییەی کە لە ئەنجامی رەجمکردن و کوشتنی دوعا دا دروستبووە بە پۆزەتیڤ دەبینم. لە هەمان کاتدا بە پێویستی دەزانم کە ئەم هۆشیارییە بەرەو ئاراستەیەکی راست و عەقلانی ببردرێت بە ئامانجی دانانی ستراتیژییەتێکی کاریگەر بۆ بنبڕکردنی کوشتن و

تووندوتیژیی بە ناوی نامووسپەرستییەوە و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کوردیی مەدەنی تەندروست.

لەندەن، نیسانی 2007